# تەفسیری سوڕەتی

# الرحمن

ڕێگاکانی لەبەرکردنی سورەتی ٱلرَّحۡمَٰنُ

تەفسیری ئاسان بۆ سورەتەکە

شێوازی پرسیارەکان




(( سورة ٱلرَّحۡمَٰنُ ))

**وەرگێڕانی: ئەیاد فەهمی**

**بە سوپاسەوە  وەرگیراوە لەلایەن م. ئەیاد فەهمی**

## ڕێگای یەکەم:-

- زانایان شیعرێکیان داناوە کە یارمەتیت دەدات لەوەی ئایەتەکانی سوورەتی ڕەحمان بەجوانی لەبەر بکەیت و ئایەتەکانت لێ تێکەڵ نەبێت...

خِزْمِي وَكِيسِي يَفَّ فِيهِ وَذَفَّ ... فَمُفَكَّهٌ وَمُفَفَّفٌ حَلُمَتْ

ئەم بەیتە شیعرە، ٣١پیتە، ٣١جاریش ئایەتی " فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ" دووبارە بۆتەوە،

ئەو دوو ڕستەیە، یەکەم پیتی ئەو ئایەتانەی لەخۆ گرتووەکە لەدوای ئەو ٣١ئایەتەوە هاتووە...

بۆ نموونە:

یەکەمین ئایەت، ئایەتی ١٣یە، ئایەتی دواتری:

﴿خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ﴾

ئایەتەکە بە پیتی (خاء) دەست پێ دەکات بڕوانە شیعرەکەیش یەکەم پیت پیتی خائە...

دووەم ئایەت، ئایەتی ١٦یە، ئایەتی دواتری:

﴿رَبُّ الْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ الْمَغْرِبَيْنِ﴾

ئایەتەکە بە پیتی (ڕاء) دەست پێ دەکات بڕوانە شیعرەکەیش دووەم پیت پیتی ڕائە...

هەر ٣١ئایەتەکەیش بەم شێوەیە♥

وەرگێڕانی: ئەیاد فەهمی

## ڕێگای دووەم:-

### خشتەیەک بۆ ئەوەی باشتر لە سوورەتی ڕەحمان تێ بگەیت:

- ✓ ئایەتی ١ هەتا ١٣

**باسی نیعمەتە دیارەکانی خودا دەکات.**

**سەرەتا خودا باسی نیعمەتی قورئان دەکات، ئەمەیش فەزڵ و مەزنی قورئان دەردەخات،**

**دواتر باسی دادپەروەری دەکات کە مافی کەس نەخۆن و لە کێشان و پێواندا دادپەروەربن...**

- ✓ ئایەتی ١٤ هەتا ٢٥

**باسی ئایەتەکانی خودا دەکات لە گەردوون و دەریاکاندا...**

**سەرەتا باسی ئافراندنی مرۆڤ و پەرییەکان دەکات، دواتر باسی ئەو دوو دەریایە دەکات کە بەیەک گەیشتون و تێکەڵیش نابن...**

- ✓ ئایەتی ٢٦ هەتا ٣٢

**باسی مانەوەی خودا و لەناوچوونی سەرجەم ئافرێنراوەکانە..**

**ئەوە جێگیر دەکات کە تەنها خودا دەمێنێتەوە و هانی بەندەکانی دەدات تەنها پەیوەست بن بەئەوەوە...**

- ✓ ئایەتی ٣٣ هەتا ٣٧

**باسی دەستەوسانبوونی پەری و ئادەمیزاد دەکات بەرانبەر توانای خودا، لەو هەڵوێستەدا هیچ کەسێک بەبێ مۆڵەتی خودا قسە ناکات، لەو هەڵوێستەدا هەمووان یەکسانن شا و گەدا، گەورە و کۆیلە...**

✓ ئایەتی ٣٨ هەتا ٤٠

**باسی هەستانی قیامەت و لێپرسینەوە لە مرۆڤەکان دەکات...**

✓ ئایەتی ٤١ هەتا ٤٥

**باسی سەرەنجامی تاوانباران دەکات لە قیامەتدا...**

✓ ئایەتی ٤٦ هەتا ٧٧

**باسی دیمەنەکانی ناو بەهەشت دەکات کە بۆ ئیمانداران سازکراوە، ستایشی ئافرەتانی بەهەشت دەکات بەوەی پاک و بێگەردن کە ئەمەیش مەزنی ئەم سیفەتە دەردەخات...**

✓ ئایەتی ٧٨

**کۆتایی سوورەتەکە باس لە مەزنی و گەورەیی پەروەردگار دەکات. نیعمەتەکانی خودا و ئایەتەکانی ئەوە پێویست دەکەن بە مەزنی بزانین و بەجوانی پەرستشی بکەین♥...**

**وەرگێڕانی: ئەیاد فەهمی**

## ڕێگای سێ یەم:-

### سوورەتی ڕەحمان لەگەڵ تەفسیری ئاساندا

(بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)

**بە ناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ ١﴾

خوای میهرەبان، کانگای سۆز و ڕەحمەت.

﴿عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ ٢﴾

قورئانی فێری ئادەمیزاد کردووە( ئەمەیش پیرۆزترین ناز و نیعمەتە کە ئیماندار لێی بەهرەوەر ببێت لەم تەمەنەکورتەی ژیانی دنیادا )

﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ ٣﴾

هەر خوا ئادەمیزادی دروست کردووە.

﴿عَلَّمَهُ ٱلۡبَيَانَ ٤﴾

هەر ئەویش فێری گوفتار و ئاخاوتنی کردووە.

﴿ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ ٥﴾

خۆر و مانگیشی بەحسابێکی ورد دروست کردوون و

دایناون لەخولگەکانیاندا لەسووڕانەوەدان.

﴿وَٱلنَّجۡمُ وَٱلشَّجَرُ يَسۡجُدَانِ ٦﴾

ئەستێرە و درەختەکان، ڕووەکە بێ قەدو درەختەبەرزەکان هەموویان، سوژدەدەبەن بۆ دروستکاریان ( لەنەخشەی دیاری کراو دەرناچن کە بۆیان دانراوە)

﴿وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ ٧﴾

ئاسمانیشی بەرزو بڵند کردۆتەوە ( بێ کۆڵەکە و بێ ستوون ) و تەرازوو پێوەی بۆ هەموو شتێک داناوە( هەموو شت بەیاسایە و هیچ شتێک بەهەڕەمەکی و بەبێ هودەدروست نەکراوە) .

﴿ أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِي ٱلۡمِيزَانِ ٨﴾

ئێوەش ئەی نەوەی ئادەم با تەرازوو پێوەرتان ڕێکوپێک بێت و ستەم لەیەکتر مەکەن.

﴿وَأَقِيمُواْ ٱلۡوَزۡنَ بِٱلۡقِسۡطِ وَلَا تُخۡسِرُواْ ٱلۡمِيزَانَ ٩﴾

دادپەروەر بن لە کێشان و پێوانداا، تەرازوو بازێ مەکەن و کەم فرۆشی ئەنجام مەدەن.

﴿وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ ١٠﴾

زەویشی بۆ خەڵکی ڕاخستووە و باری هێناوە ( تا ژیانی خۆیانی تیادا بەرنەسەر)

﴿ فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَٱلنَّخۡلُ ذَاتُ ٱلۡأَكۡمَامِ ١١﴾

جۆرەها میوەی تێدا دێتە بەر، هەروەها خورمای خاوەن دەفری گوڵدانی بۆ فەراهەم هێناون.

﴿ وَٱلۡحَبُّ ذُو ٱلۡعَصۡفِ وَٱلرَّيۡحَانُ ١٢﴾

هەروەها جۆرەها دانەوێڵەی خاوەن کاو پەلوپۆدار و بۆنخۆشی تیادا بەرهەم هێناوە.

﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ١٣﴾

جا ئێتر گرۆی ئادەمیزاد و پەری بەکام لەنازو نیعمەتەکانی پەروەردگار بڕوا ناکەن، کامەی پەسەند ناکەن!

﴿ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ ١٤﴾

ئادەمیزادی دروستکردووە لەقوڕێکی وشک بوو، وەک فەخفوری.

﴿ وَخَلَقَ ٱلۡجَآنَّ مِن مَّارِجٖ مِّن نَّارٖ ١٥﴾

پەریەکانیشی لەبڵێسەی ئاگر دروست کردووە.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ١٦ ﴾

﴿ رَبُّ ٱلْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ ٱلْمَغْرِبَيْنِ ١٧ ﴾

خودا خاوەنی هەردوو ڕۆژهەڵات و هەردوو ڕۆژئاوایە.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ١٨ ﴾

﴿ مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ ١٩ ﴾

ئاوی دوو دەریای بەرەڵا کردووە و بەیەک گەیاندووە، تێکەڵیش نابن.

﴿ بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ ٢٠ ﴾

چونکە لەنێوانیاندا بەربەستێک هەیە نایەڵێت تێکەڵ ببن ( ئەم دیاردەیە لەنێوان دەریای سپی و زەریای ئەتڵەسیدا و دەریای سوورو دەریای عەرەبدا ئاشکرایە)

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٢١ ﴾

﴿ يَخْرُجُ مِنْهُمَا ٱللُّؤْلُؤُ وَٱلْمَرْجَانُ ٢٢ ﴾

لەو دوو جۆر دەریایە مرواری و مەرجان دەردەچن ( کەدوو جۆر گەوهەری بەنرخن )

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٢٣ ﴾

﴿ وَلَهُ ٱلْجَوَارِ ٱلْمُنشَـَٔاتُ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ ٢٤ ﴾

هەرچی کەشتی هەیە لەدەریاکاندا وەک بەیداخ، وەک شاخ هاتوچۆ دەکەن، هەر خوایش خاوەنیانە.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٢٥ ﴾

﴿ كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ٢٦ ﴾

هەموو ئەو کەسانەی لەسەر ڕووی زەوین،

هەر هەمووی فەوتاوو تیاچووە دەبێت بمرن.

﴿ وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ٢٧ ﴾

تەنها زاتی پەروەردگاری خاوەن بڵندی و ڕێزداری تۆیە کە دەمێنێتەوە

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٢٨ ﴾

﴿ يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ٢٩ ﴾

هەموو گیانلەبەر و زیندەوەران لەئاسمانەکان و زەویدا بەردەوام بەگوفتار و بەزمانی حاڵ، داوای پێداویستی و داخوازیەکان لەپەروەردگار دەکەن، هەموو ڕۆژێک و هەموو کاتێک.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٣٠ ﴾

﴿ سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ ٣١ ﴾

ئەی گرۆی ئادەمیزادو پەری، ڕۆژێک دێت بەتایبەت لێتان دەپرسینەوە و دادگایتان دەکەین (خوای باڵادەست هەڕەشە لەم دوو دەستەیە لەدروستکراوەکانی دەکات، کە لەهەندێک ڕووەوە سەرپشکی کردوون و ئازادی داونەتێ، بەڵام زۆربەیان یاخی و سەرکەشن، قوڕ بەسەر یاخیەکان لەو ڕۆژەدا ).

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٣٢ ﴾

﴿ يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُواْ مِنْ أَقْطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ فَٱنفُذُواْۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَٰنٍ ٣٣ ﴾

ئەی گرۆی پەری و ئادەمیزاد ئەگەر دەتوانن بەبەشەکانی ئاسمانەکان و زەویدا دەرچن، ئەو کارە ئەنجام بدەن، دڵنیاش بن کە ئەو کارە بەهۆی دەزگای ماددی و توانای مەعنەویەوە نەبێت ئەنجام نادرێت.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٣٤ ﴾

﴿ يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلَا تَنتَصِرَانِ ٣٥ ﴾

خۆ ئەگەر لەسنوور دەرچوون، بڵێسەی ئاگرتان هاوڕێ لەگەڵ مسی تواوەدا بۆ ڕەوانەدەکرێت، ئیتر شکست دەخۆن و سەرکەوتوو نابن.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٣٦﴾

﴿ فَإِذَا ٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَٱلدِّهَانِ ٣٧﴾

کاتێک دێت ئاسمان لەت دەبێت و وەکو گوڵێکی سوور دێتە بەرچاو، یاخود وەک ڕۆنی قرچاوی لێ دێت ( ئەمەش قۆناغێکە لەقۆناغەکانی تێکچوونی)

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٣٨﴾

﴿ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُسْـَٔلُ عَن ذَنۢبِهِۦٓ إِنسٌ وَلَا جَآنٌّ ٣٩﴾

ئەو ڕۆژە هەموو شت ڕوون و ئاشکرایە، پرسیار لەگوناهانی ئادەمیزاد و پەریەکان ناکرێت، (ڕەنگەئەوە قۆناغێک بێت لەقۆناغەکان، کە بە ڕوخساریان جیادەکرێنەوە)

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٤٠﴾

﴿ يُعْرَفُ ٱلْمُجْرِمُونَ بِسِيمَٰهُمْ فَيُؤْخَذُ بِٱلنَّوَٰصِى وَٱلْأَقْدَامِ ٤١﴾

ئینجا تاوانکار و گوناهباران بەرووخسارياندا دەناسرێتەوە، ئەوسا دەست گیر دەکرێت لەناوچەوانیان و قاچیان و گلۆڵیان دەکەن و فڕێ دەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٤٢﴾

﴿ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِى يُكَذِّبُ بِهَا ٱلْمُجْرِمُونَ ٤٣﴾

دەوترێت: ئەمە ئەو دۆزەخەیە تاوانباران بڕوایان پێی نەبوو!

﴿ يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ ءَانٍ ٤٤﴾

جا لەنێوان ئاگر و ئاوی گەرمدا کە بەسەرچاوەیاندا دەکرێت هەر دەخولێنەوە.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٤٥﴾

﴿ وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ٤٦﴾

بۆ ئەوکەسەش لە مەقامی پەروەردگاری خۆی ترسابێت، دوو باخی ڕازاوە ئامادەیە.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٤٧﴾

﴿ ذَوَاتَآ أَفْنَانٍ ٤٨﴾

ئەو دوو باخەش، خاوەنی دار و درەختی گەڵا ناسک و جوان و بریسکەدارە.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٤٩﴾

﴿ فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ ٥٠﴾

دوو سەرچاوەی لەکانی و ئاوی سازگاریان تیادایە و بەخوڕ بەجۆگەلەکاندا دەڕۆن.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٥١﴾

﴿ فِيهِمَا مِن كُلِّ فَٰكِهَةٍ زَوْجَانِ ٥٢﴾

لەهەموو جۆرە میوەیەک دوو جۆریان تیادایە.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٥٣﴾

جا ئێتر گرۆی ئادەمیزاد و پەری بە کام لەنازو نیعمەتەکانی پەروەردگار بڕوا ناکەن، کامەی پەسەند ناکەن.

﴿مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ فُرُشٍ بَطَآئِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍۢ وَجَنَى ٱلْجَنَّتَيْنِ دَانٍ ٥٤﴾

لەو بەهەشتەخۆشەدا بەختەوەران لەسەر کورسی و قەنەفە و جێگە و ڕێگە خۆشەکان، شانیان داداوەکەلەئاوریشمی تایبەت ناواخن کراوە، لێکردنەوەی هەر میوەیەکیش نزیک و ئاسانەو درەختەکان خۆیان سەر فرو دەهێنن بۆ ئەو بەختەوەرانە.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٥٥﴾

﴿ فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ ٥٦﴾

لەو بەهەشتەدا حۆری تیادایە کەتەنها تەماشای هاوسەرەکانیان دەکەن، پێش ئەوان دەستی کەسیان لێنە کەوتووە، نە لەگرۆی ئادەمی و نە لەپەری.

﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٥٧﴾

﴿ كَأَنَّهُنَّ ٱلۡيَاقُوتُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ٥٨﴾

ئەو هاوسەرانە لەجوانی و شۆخ و شەنگی و قەشەنگیدا وەکو یاقووت و مەرجان وان ( کەدوو جۆر گەوهەری بەنرخن، لەدەریا دەردەهێنرێن).

﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٥٩﴾

﴿ هَلۡ جَزَآءُ ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ ٦٠﴾

مەگەر پاداشتی چاکە تەنها چاکە نییە؟!

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٦١﴾

﴿ وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ ٦٢﴾

جگە لەو دوو بەهەشتەی کەباس کرا، بەهەشتی تریش ئامادەیە بۆ ئەوانەی کە پلەو پایەیان وا لەخوار خاوەنی دوو بەهەشتی ناوبراوەوە.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٦٣﴾

﴿ مُدۡهَآمَّتَانِ ٦٤﴾

(ئەو بەهەشتانەش) ئەوەندە سەوز دەنوێنن مەیلە و ڕەش دەچنەوە لەجوانی و تۆخیدا.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٦٥﴾

﴿ فِيهِمَا عَيۡنَانِ نَضَّاخَتَانِ ٦٦﴾

دوو سەرچاوەی هەڵقوڵاویان تێدایە (کەدیمەنیان زۆر دڵفرێنە ).

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٦٧﴾

﴿ فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخۡلٌ وَرُمَّانٌ ٦٨﴾

درەختی میوە و دارخورما و هەناریان تێدایە.

﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٦٩﴾

﴿فِيهِنَّ خَيْرَٰتٌ حِسَانٌ ٧٠﴾

لەو بەهەشتانەدا حۆری جوان و شۆخ و شەنگ و ڕەوشت بەرزی تیادایە.

﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٧١﴾

﴿حُورٌ مَّقْصُورَٰتٌ فِى ٱلْخِيَامِ ٧٢﴾

حۆری چاوگەش و چاوڕەش، لەو دەوارەتایبەتیانەی کەبۆیان ئامادەکراوەدوور ناکەونەوە.

﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٧٣﴾

﴿ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ ٧٤﴾

ئەو حۆریانە، پێش ئەوان دەستی کەسیان لێنەکەوتووە، نە لەگرۆی ئادەمی و نە لەپەری.

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٧٥﴾

﴿ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِىٍّ حِسَانٍ ٧٦﴾

شانیان داداوە لەسەر پشتی سەوزباوی جوان و دۆشەکی نایاب و ڕازاوە.

﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٧٧﴾

﴿ تَبَٰرَكَ ٱسْمُ رَبِّكَ ذِى ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ٧٨﴾

موبارەک و بەرزو بەڕێزە ناوی پەروەردگاری تۆ، چونکە ئەو زاتێکە خاوەنی بەرزی و بڵندی و ڕێزی بێ سنوورە بۆ ئیماندااران.

ئامادەکردن: ئەیاد فەهمی

## ڕێگای چوارەم:-

- دوای لەبەرکردنی سوورەتی ڕەحمان، چەند جارێک ئەم نووسراوە بخوێنەوە، هەم باشتری لێ تێدەگەیت،  هەم تاقیکردنەوەیەکی بچووکیشە بۆ تەفسیرەکەی...

* یەکەمین ئایەت کە {فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ} دێت ئایەتی ١٣یە، دواتر خودا باسی ئافراندنی مرۆڤ و پەرییەکان دەکات

﴿خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ (١٤) وَخَلَقَ الْجَانَّ مِنْ مَارِجٍ مِنْ نَارٍ﴾...

* خودا تۆی ئافراندوە و پەروەردگاری تۆیە، ئافرێنەری هەموو شتێکە: ﴿رَبُّ الْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ الْمَغْرِبَيْنِ﴾

دوو دەریای گەیاندووە بەیەک بەبێ ئەوەی تێکەڵی یەکتری ببن: ﴿مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ (١٩) بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لا يَبْغِيَانِ﴾

* دواتر لەخۆت پرسە سوودی دەریاکان چییە؟

وەڵامەکەی لە ئایەتی دواتردایە :﴿يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ ٢٢﴾

* دواتر خودا باسی سێیەم نیعمەتی دەریاکان دەکات :

﴿وَلَهُ الْجَوَارِ الْمُنْشَآتُ فِي الْبَحْرِ كَالأَعْلامِ ٢٤﴾

* باشە هەموو ئەمانە نیعمەتی خودان، ئایا ئەم نیعمەتانە بەردەوام دەبن و لەناوناچن؟ !

وەڵامەکەی لە ئایەتی دواتردایە :﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ (٢٦) وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلالِ وَالإِكْرَام﴾

* کە هەموو ئەمانە فەنا دەبن، پێویستە ئێمەیش داوای لێخۆشبوون و ڕەحمەتی لێ بکەین :

﴿يَسْأَلُهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ٢٩﴾

* خودا لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکات لەسەر گوفتار و ڕەفتارەکانمان، ﴿سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَ الثَّقَلانِ ٣١﴾

* دواتر خودا باسی مرۆڤ و پەرییەکان دەکات و ڕوویان تێدەکات و دەفەرموێت:

﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالإِنْسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَنْ تَنْفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ فَانْفُذُوا لا تَنْفُذُونَ إِلا بِسُلْطَانٍ ٣٣﴾

* کە پەرییەکان دەیانەوێت لە ئاسمانەوە هەواڵێک بزانن، ئەنجامەکەی ئاوا دەبێت

﴿يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِنْ نَارٍ وَنُحَاسٌ فَلا تَنْتَصِرَانِ ٣٥﴾

* دواتر خودا باسی نەمانی ئاسمان دەکات :﴿ فَإِذَا انْشَقَّتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ ٣٧﴾

* ئەمەیش یەکێکە لەنیشانەکانی هاتنی قیامەت،

لەدوای ئەوە چی ڕوودەدات؟

﴿فَيَوْمَئِذٍ لا يُسْأَلُ عَنْ ذَنْبِهِ إِنْسٌ وَلا جَانٌّ ٣٩﴾

* دواتر جیاکاری دەکرێت لەنێوان بێ باوەڕان و بڕواداره تاوانبارەکان،

{يُعْرَفُ الْمُجْرِمُونَ بِسِيمَاهُمْ فَيُؤْخَذُ بِالنَّوَاصِي وَالْأَقْدَامِ ٤١}

* دواتر باسی سەرەنجامی تاوانبار و خراپەکارەکان دەکات،

﴿هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا الْمُجْرِمُونَ (٤٣) يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ آنٍ﴾

* ئینجا دێته سەر باسی ئاکارچاکەکان،{ وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ ٤٦}

* سیفەتی ئەو دوو بەهەشته چۆنه؟ ﴿ذَوَاتَا أَفْنَانٍ ٤٨﴾

* ئەی چی تێدایه؟ ﴿فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ ٥٠}

* دواتر چەندین نیعمەتی نێو بەهەشت باس دەکات

﴿فِيهِمَا مِنْ كُلِّ فَاكِهَةٍ زَوْجَانِ ٥٢}، ﴿مُتَّكِئِينَ عَلَى فُرُشٍ بَطَائِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ وَجَنَى الْجَنَّتَيْنِ دَانٍ ٥٤﴾

*لەو بەهەشتەدا حۆری هەیه بۆ پیاوان:

﴿فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلا جَانٌّ ٥٦ ﴾

*ئەی سیفاتی ئەو ئافرەتانه چییه؟

﴿كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ ٥٨﴾

*وەک ئەوەی سەرت سوڕماوه لەو هەموو نیعمەته، هەربۆیه خودا دەفەرموێت :

﴿هَلْ جَزَاءُ الإِحْسَانِ إِلا الإِحْسَانُ ٦٠﴾

* ئەی باخ و باخاتی تر هەیە؟ {وَمِنْ دُونِهِمَا جَنَّتَانِ ٦٢}

* سیفەتەکەی چییە؟ ﴿ مُدْهَامَّتَانِ٦٤﴾

* چی تێدایە؟ ﴿فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ٦٦﴾

* لەو سەرچاوەی ئاوەوە چ شتێک بەرهەم دێت؟!

﴿فِيهِمَا فَاكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ٦٨﴾

جگە لەمە چیان بۆ ئامادەیە؟ ﴿فِيهِنَّ خَيْرَاتٌ حِسَانٌ ٧٠﴾

*مەبەست لە حِسَانٌ چییە؟ ﴿حُورٌ مَقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ ٧٢﴾

* سیفاتیان چییە؟ ﴿لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلا جَانٌّ ٧٤﴾

ئەی شوێنیان کوێیە؟

﴿مُتَّكِئِينَ عَلَى رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ ٧٦﴾

دوای ئەم هەموو نیعمەتانە، پێویستە سوپاسی خودا بکەین، وەک چۆن سوورەتەکە بە سەنا و ستایشی خودا دەستی پێ کرد، ﴿تَبَارَكَ اسْمُ رَبِّكَ ذِي الْجَلالِ وَالإِكْرَامِ ٧٨﴾

وەرگێڕانی: ئەیاد فەهمی

## شێوازی پرسیارەکان بەم جۆرە ئەبێت:

١ .هەڵبژاردن

٢ .بۆشایی

٣ .ڕاست و هەڵە

٤.پرسیارو وەڵامی کورت

## چەند تێبینیەک دەربارەی تاقیکردنەوەکە:

١ .فەتحەو زەمەو کەسرە کێشەیان نیە ئەگەر نەشنوسرێن لە ئایەتەکاندا بەلام ((شەددە ◌ّ)) نمرەی لەسەرە.

٢- تاقیکردنەوەکە نوسینەکیە و بەزارەکی هیچ شتێک لە بەشداربوان ناپرسرێتەوە.

**بەهیوای سەرکەوتن بۆ هەمووان**

**لە دوعای خێر پێ بەشمان مەکەن**

